# د.گۆران عەبدوڵڵا- پزیشك و پسپۆڕی سیاسەتی تەندروستی:

# سیستمی تەندروستی لەکوردستاندا زۆر کۆنە و پێویستی بەریفۆرمە



**دیمانە:نێوەند**

د.گۆران عەبدوڵڵا سابیر، پزیشك و هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لەسیاسەتی تەندروستی لەڕێگەی ئەم دیمانە تایبەتەوە تیشك دەخاتە سەر کێشە بنەڕەتییەکانی سیستمی تەندروستی لەکوردستانداو گرنگترین ئەو رەخنەو بۆشاییانە ئاشکرا دەکات کە لەبواری خزمەتگوزاریی تەندروستی کوردستاندا بوونیان هەیە، پاشان دێتە سەر رۆڵی حکومەت و وەزارەتی تەندروستی وکەموکورییەکانی وەزارەت و حکومەت لەسستی سیستمی تەندروستی کوردستاندا ئاشکرا دەکات، لەبەشی کۆتایی دیمانەکەشدا رێگاچارەکان بۆ پێشخستنی سیستمی تەندروستی لەهەرێمی کوردستان دەخاتە روو.

نێوەند: سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لەکوردستان رەخنەو گلەیی زۆری لەسەرە، تەنانەت بەشێك لەچاودێران بەسیستمێکی کۆن و بەسەرچووی دەزانن. ئێوە وەك پسپۆڕێك چۆن دەڕواننە سیستمی تەندروستی کوردستان و بەبڕوای ئێوە کەموکوڕیی و بۆشاییەکانی ئەو سیستمە لەچیدا خۆیان دەبیننەوە؟

د.گۆران: پێموایە یەکێك لەدیاردە تەندروستەکانی دیموکراسی رەخنەگرتنی بنیاتنەرە. بۆیە سەرەڕای کەموکورتییە کارەساتاوێکانی سیستمی تەندروستی لەمەڕ خۆمان، جێگای دڵخۆشییە کەخەڵك بەگشتی و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان بەتایبەتی گرنگی بەم لایەنە ژیارییەی کۆمەڵگای کوردستان دەدەن. لێرەدا زۆر گرنگە لەوە تێبگەین کەبەش بەحاڵی خۆم، رەخنەگرتنم لەسیستمەکە لەهەوڵدان بۆ باشترکردن وبەرەو پێشەوەبردنی ئەمەی دوایی زیاتر هیچ مەبەستێکی ترم نییە. زۆر راستە، سیستمی تەندروستی لەکوردستاندا زۆر کۆنەو پێویستی بەریفۆرمە. پێموایە کۆنی سیستمەکە وایکردووە ئەستەم بێت مامەڵەی تەنانەت سیستمی لەگەڵ بکەین و ئەمەش کاری ئێمەمانانی وەك پسپۆڕی سیاسەت و پرۆسەو پلانی تەندروستی زۆر زەحمەت کردووە. پێش قسەکردن لەسەر ریفۆرمی تەندروستی، پێویستە گرنگی بەفۆرمی تەندروستی بدەین. مەبەست لێرەدا دامەزراندنی ژێرخانێکی پتەوە کە دواتر لەکاتی پێویستدا ریفۆرمی بکەین. ژێرخان لێرەدا تەنیا دروستکردن و نۆژنکردنەوەی خەستەخانەو بنکەی تەندروستی ناگرێتەوە، بەڵکو کوردستان پێویستە گرنگی زیاتر بەدەستنیشانکەرگەلێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاریی بدات کە کارتێکردنی گرنگیان هەیە لەسەر باری تەندروستی کۆمەڵگا بەگشتیی و مرۆڤەکان بەتایبەتی. بۆ نموونە ناکرێت ئێمە باس لەکردنەوەی خەستەخانەی ئاخیر مۆدێلی نەشتەرگەریی دڵ و دەماغ بکەین لەکاتێکدا خەڵکمان هەبێت لەبەر پیسی ئاوی خواردنەوە بەکۆلێرا بمرێت. یان ئافرەت و کچەکانمان خەتەنە بکرێن و ئێمە بێین باسی منداڵی شوشە بکەین. ئەمە لە مکیاجکردنێکی بێ ئاکامی بارێکی خراپ هیچی لێ سەوز نابێت.

بۆیە گەورەترین و سەرەکیترین بۆشایی لەسیستمەکەی ئێمەدا ونکردنی ئەولەویاتەکانە. بۆ دەربازبوون لەم وەزعە پێویستمان بەپلانی درێژخایەنی ستراتیجییە کە لەرێگای گفتوگۆیەکی هەمەلایەنی کراوەوە ئەنجامبدرێت و پسپۆران و شارەزایان لەبوارەکەدا رۆڵی سەرەکیی بگێڕن. یەکێك لەئەرکە هەرە گرنگەکانی ئاوەها هەوڵێك یەکلاکردنەوەی وەزعی کوردستانە لەرووی سیاسەت و سیستمی تەندروستییەوە. هەتاکو ئێستا نازانین ئێمە چ جۆرە سیستمێکمان هەیە. ئایا لەسیستمەکەی ئێمەدا کەرتی گشتی و حکومەت و دەسەلأت رۆڵی سەرەکی دەبینن یان ئەو گەشەکردنەی کەرتی تایبەت کەئێستا بەدی دەکرێت بەردەوام دەبێت و کۆنترۆڵی ئەوەی دوایی دەکات. لەجیهاندا چوار جۆری سەرەکی سیستمی تەندروستی هەیەو دەکرێت ئێمە

# ناکرێت لەماوەی ١٨ ساڵدا بۆ یەکجاریش وەزیری تەندروستی بانگێشتی پەرلەمان نەکرێت و پرسیاری ئەو هەموو کارەساتە تەندروستییەی لێ نەکرێت

باشترینی ئەوانە بەکاربێنن بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە ئابووری وکۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆمان. ئایا ئێمە دەمانەوێت وەك کەنەدا بین کە حکومەت هەموو شتێکی تایبەت بەتەندروستی بەڕێوە دەبات؟، یان وەك ئەمەریکا بین کە کەرتی تایبەت ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت؟ یان سیستمێك بین کە هەردوو شێوازەکە یەکبخات؟. پێویستە لەبیرمان بێت کە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا، بەوانەی کەرتی تایبەت یان کەرتی گشتی تیایاندا لەپێشە، بیمەی تەندروستیان هەیە. تەنیا لەوڵاتە دواکەوتووەکانی دنیادا نەخۆش لەگیرفانی خۆی و پێش ئەوەی پزیشك ببینێ مەسرەف لەخزمەتگوزاریی تەندروستی دەکات، بەداخەوە لەکوردستانی خۆماندا ئەو حاڵەتە زۆر باوەو ئێمەی بردووەتە ریزی وڵاتە دواکەوتووەکان.

ڕەنگە لەوانەی سەرەوە هەمووی گرنگتر ونکردنی جێگای شایستەی نەخۆشە لەتەواوی سیستمی تەندروستی کوردستان. من پێموایە جێگۆڕکێکی کارەساتاویی هەیە لەنێوان نەخۆش لەلایەك و پزیشك و کارمەندی تەندروستی ودەزگا تەندروستییەکان لەلایەکی ترەوە. وایلێهاتووە وەزارەتی تەندروستی ودەزگا تەندروستێکان ئەوەندەی گرنگی بەکاری ڕۆتینی دەدەن ئەوەندە نەخۆشیان لەبیر نەماوە. بۆیە پێویستە نەخۆش بگەڕێنینەوە سەنتەری گرنگیدانی خزمەتی تەندروستی و جێگای شایستەی خۆی بگرێتەوە لەسیستەمەکەدا.

فێربوون و فێرکردنی تەندروستی و پزیشکی یەکێکی ترە لەکێشە هەرە گەورەکانی سیستمی تەندروستی. فێربوونی تەندروستی و پزیشکی لەکوردستاندا لەناوەڕاستی سەدەی پێشوو دەچێت. ناکرێت هەتاکو ئێستا ئێمە پەنا ببەینە بەر چەند شێوازێکی سوواو و بێ سوودی فێربوون و فێرکردنی وەك لەبەرکردن و تاقیکرنەوەی تاقەتپرووکێن. ئەوەی بوونی نییە لەشێوازی فێربوونی ئێستا لەکوردستاندا، توێژینەوەو کۆکردنەوەو و راڤەکردن و بەکارهێنانی داتا و ژمارەیە. ئەوەی خوێندکارەکانی ئێمە خەریکی لەبەرکردنین، کۆمەڵێك زانیارین کە زۆرجار هیچ پەیوەندییەکیان بەباری تەندروستی کوردستان نییەو زیاتر زانیارین لەسەر ئەمەریکاو بەریتانیا کە لەڕێی ئەو کتێبانە وەردەگیرێن کە لەو وڵاتانەدا چاپ دەکرێن.

نێوەند:وەزارەتی تەندروستی یەکێکە لەگرنگترین وەزارەتەکان و تەنانەت شارەزایان بەیەکێك لەبەشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەژماری دەکەن، بەڵام وەزارەتی تەندروستی لەکوردستان کێشەو گیروگرفتی زۆری هەیە، ئێوە وەك خۆتان چۆن دەڕواننە ئەو وەزارەتەو پێتانوایە لەئاستی پێویست و داواکاریی خەڵك بووە؟.

د.گۆران:زۆر راستە! پێویستە وەزارەتی تەندروستی بەیەکێك لەکۆڵەگە سەرەکییەکانی ئاسایشی نەتەوەییمان تەماشا بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەم وەزارەتە نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵە ببینێت، ئەمیش وەکوو وەزارەتەکانی تر، تووشی شێرپەنجەی دەستتێوەردانی حزبی بووەو بەرپرسیارێتییە ناوەکێکانی خۆی ونکردووە. لەسەرەتای دروستبوونییەوە هەتاکو ئێستا ئەوانەی بوون بەوەزیر لەم وەزارەتەدا ئەوەندەی لای حزب خۆشەویست بوون ئەوەندە شارەزا نەبوون لەبوارەکەی خۆیاندا یان هیچ ئارەزوو و گرنگییەکیان بەسیاسەت و پلانی تەندروستی نەداوەو و تەنیا بەبەڕێکردنی کارە ڕۆتینیکانەوە سەرقاڵ بوون. سەردانێکی سەرپێی وەزارەتی تەندروستی بۆت دەردەخات ئەم وەزارەتە لەچی قەیرانێکدا دەژێت. بۆ خۆم ماوەیەکی پێش ئێستا سەردانی وەزارەتم کرد بۆ بەڕێکردنی مامەڵاتێك. لەژووری سکرتێری جەنابی وەزیر، خێزانێکی زۆر دەستکورت، مندالە ٧ مانگەکیان هێنابوو کە بەزگماکی هەردوو دەستی لەسەرو ئەنیشکەوە نەمابوو، جەنابی وەزیر دوای ئەوەی ئەو هەموو کیتابەی ئیمزا کرد کە لەبەردەمیدا بوو، ئامادە نەبوو ئەو خێزانە ببینێ. دیارە ئەمە نموونەیەکە لەسەر ئەوەی وەزارەت و وەزیر ئەرکە تەندروستێکانی خۆیان ونکردووە و کردوویانە بەقوربانی چەند کارێکی ڕۆتینی بێ سوود کە فەرمانگە تەندروستێکان دەتوانن بیکەن.

ئەمە ئەگەر باسی ئەو نەخۆشییە درێژخایەنانە نەکەین کەوەزارەت وەك زۆربەی دەزگاکانی حکومەت بەدەستیەوە دەناڵێنن وەك گەندەڵیی و دانەنانی کەسی شیاو لەشوێنی شیاو و دوورکەوتنەوە لەئازار و داواکاریی و پێداویستێکانی خەڵك. وەزارەت ئێستاش لەسەدەی بیستدا دەژێت و نەیتوانیوە سوود لەتەکنۆلۆژیاو داهێنانە زانستییەکان وەربگرێت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی. بۆ نموونە تەنیا لەژووری کۆمپیوتەر، ئەو ئامێرە لەوەزارەتدا دەبینیت، ئەویش تەنیا بۆ چاپکردن بەکار دەهێنرێت. وەزارەت ئێستاشی لەگەڵدا بێت پێگەیەکی ئیلکترۆنی نییە کە زانیاریی وهەواڵ و ئامۆژگاریی تەندروستی بلاوبکاتەوە. دیارە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم وەزارەتە سیستمێکی تۆکمەی کۆکردنەوەو راڤەکردن و بەکارهێنانی زانیاریی وداتای نییە. بۆ نموونە ئێمە لەکوردستاندا نازانین ڕێژەی مردنی کۆرپەلە و مردنی دایك لەکاتی لەدایکبوون و تەمەنی مەزەنەکراو لەکاتی لەدایکبوون چەندە کە پێوەرگەلێکن باشی و خراپی سیستەمی تەندروستی پێ دەپێورێت. دیسان نازانین ژمارەی ئەوانەی تووشی نەخۆشی وەك دڵ و شەکرەو پەتای جیا جیا دەبن چەندە بۆ ئەوەی بەپێی ئەو داتا و زانیارییانە ئەولەویاتی سیاسەتی تەندروستی لەکوردستاندا دیارییکەین. دیارە هۆکاری ئەو هەموو کەموکورتییانە تەنیا لەئەستۆی وەزارەت و حکومەت نییە، بەڵکو نەبوونی پەرلەمانێکی کارای ئەوتۆ کە بتوانێ چاودێریی کارەکانی حکومەت بەگشتی و وەزارەت بەتایبەتی بکات هۆکارێکی لەوەی سەرەوە کەمتر نییە. ناکرێت لەماوەی ١٨ ساڵدا بۆ یەکجاریش وەزیری تەندروستی بانگێشتی پەرلەمان نەکرێت و پرسیاری ئەو هەموو کارەساتەی کە لەرووی تەندروستییەوە لەم هەرێمە دەگوزەرن لێ نەکرێت.

بۆ دەربازبوون لەم بارە قەیراناوییە، پێویستە لەپەرلەمانەوە دەستپێبکەین بۆ هێنانە کایەو هەموارکردنی پرۆژە یاسای ئەوتۆ کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی وەزارەتی تەندروستی بگۆڕێت بۆ وەزارەتێکی تەندروستی کۆمەڵ کە تەنیا کاری پاراستن و بەرەو پێشەوەبردنی تەندروستی و دەروونددروستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێت و ئەرکە ڕۆتینییەکانی لەم شێوازە زۆر مەرکەزییەی ئێستا راسپاردەی

## دەسەڵاتی سیاسیی تەندروستی بەکاردەهێنێت بۆ مەرامی سیاسیی هەرواش ئەم کایە کۆمەڵایەتییە گشتییە بۆ قازانجی ئابووری بەکاردەهێنێت

فەرمانگەکانی تەندروستیی بکات. ئەوە تەنیا ڕێگایە بتوانین وەزارەتێکی وامان هەبێت گرنگی بەداڕشتن وجێبەجێکردنی سیاسەت و پلانی تەندروستی بدات بۆ کوردستان، بەڵام ئەگەر حزبەکانی کوردستان لەو ڕاستییە تێنەگەن کە پۆستی وەزیری تەندروستی پێویستە کەسێکی شارەزای بوارەکە پڕیبکاتەوە کە شەرت نییە پزیشك بێت و سەر بەیەکێك لەحزبە دەسەڵاتدارەکان بێت، ئەوا هەر هەوڵێکی چاکسازیی هیچ بەرهەمێکی لێ سەوز نابێت.

نێوەند: یەکێك لەکێشە هەرە دیارەکانی کۆمەڵی کوردەواریی، سستی کەرتی تەندروستییە، بەرادەیەك ڕۆژانە دەیان هاووڵاتی بەرەو دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەری پزیشکی بەڕێدەکەون. پرسیار دەکەین، بۆچی حکومەتی هەرێم ئەو کەرتە پێش ناخات؟ ئایا لەبری ئاسانکاریی بۆ ناردنە دەرەوەی نەخۆش ئاسانکاریی بۆ توانای تەندروستی بکرێت بۆ ئەوەی بێنە کوردستانەوە باشتر نییە؟.

د.گۆران: ئەم کێشەیە نموونەیەکی زەقی ئەو پەیوەندییە ناتەندروستەی نێوان زانست بەگشتی و تەندروستی و پزیشکی بەتایبەتی لەلایەك و سیاسەت لەلایەکی ترەوە. ئەو پەیوەندییە ئەوەنە قەیرانناوییی بووە کە لەتەلاقدان زیاتر هیچ چارەسەرێکی تری نییە. کایە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان ناردنە دەرەوەی خەڵکیان کردووە بەئامرازی ڕازیکردنی ئەندام و ڕاکێشانی دۆستی تازە. ئەمە لەزەرەر بۆ ئاسایشی نەتەوایەتی و خستنە ژێر پێی بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ ناتوانین هیچی تری ناوبنێین. دەسەڵاتداران لەجیاتی باشترکردنی سیستمەکەی خۆمان بۆ ئەوەی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە تەندروستییەکانی خۆمانی هەبێت، نەخۆش بۆ وڵاتە دراوسێکانمان کە زۆرجار بەڕۆژی نیوەڕۆ دژایەتی و تۆپبارانمان دەکەن دەنێرن. ئەمە وەك ئەوە وایە تۆ لەتەنیشت ڕووبارێکەوە ڕاوەستابیت و ببینیت کە دەیان کەس خەریکە دەخنکێن و داوای یارمەتیت لێ بکەن و تۆش هەوڵدەی لەخنکان ڕزگاریان بکەیت بێ ئەوەی بیر لەچاککردنی ئەو پردە بکەیت کە لەسەر ڕووبارەکەوە شکاوە و خەڵکەکە بەهۆیەوە دەکەونە ئاوەکەوە و دەخنکێن.

ئەمە لەڕوویەکی ترەوە پەیوەندیی بەتێگەیشتنی فەلسەفی ئێمەوە هەیە لەتەندروستی. پێموانییە خزمەتی تەندروستی مەکرەمەیەك بێت کە حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیی بەمنەتەوە پێمانی ببەخشن. بە پێچەوانەوە، خزمەتگوزاریی تەندروستی، بەتایبەتی ئەوەی پێیدەوترێت خزمەتی سەرەتایی، مافێکی بنەڕەتی هەموو هاووڵاتییەکە بەدەر لەتەمەن و جەندەر و شوێن و پایەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و هەبوون یا نەبوونی نەخۆشی و بیروڕای سیاسیی. ئەم مافە دەبێت حکومەت بەهاوکاریی کەرتی تایبەت ڕۆڵی سەرەکی ببینێت لەدابینکردن و مەسرەفکردن و پلانداڕن بۆی، چونکە هیچ کەس و کۆمپانیاو لایەنێك بەتەنیا لەو پێگەیەدا نین کارێکی وا گەورە وهەستیار وگرنگ ئەنجامبدەن. ئەو هەڵسوکەوتەی حکومەت ودەسەڵاتی سیاسیی دیسان یەکێکە لەنیشانەکانی ونکردنی ئەولەویاتی تەندروستی لەکوردستاندا. هەرچۆن دەسەڵاتی سیاسیی تەندروستی بەکار دەهێنێت بۆ مەرامی سیاسیی هەر ئاواش ئەم کایە کۆمەڵایەتییە گشتییە بۆ قازانجی ئابووری تایبەت بەکار دەهێنێت لەسەر حسابی خەڵك. ئەگەر وا نەبێت چی تەفسیری تەرخانکردنی پارچە زەوی گەورە و پارەی زۆر دەکات بۆ کردنەوەی تاقیگەی گرانبەها کە دەسەڵاتداران خۆیان بەشدارن تێیدا؟ بۆیە دەسەڵاتی سیاسیی و حکومەت بەئەنقەست یان بەنەزانییەوە گەشە بەبواری خزمەتی سێیەم، واتا ئەوەی کە قازانجێکی زۆر و خزمەتێکی کەم بەرهەم دەهێنێت دەدەن و خزمەتگوزاریی تەندروستی سەرەتایی و بنەڕەتیی کە گەورەترین سوود و کەمترین مەسرەفی تیا دەچێت پشتگوێ دەخەن.

نێوەند: هاووڵاتیانی کوردستان لەدوو بواردا گلەیی زۆریان هەیە، یەکەم لەنەبوونی دەرمانی پێویست و تەقەنیاتی تەندروستی نوێ، دووەم لەکەمتەرخەمیی و کەم شارەزایی پزیشکەکان. هەندێك ئەم دوو کەمتەرخەمییە بەیەکەوە دەبەستنەوەو دەیخەنە ئەستۆی حکومەت، پرسیار ئەوەیە ئەم کەمتەرخەمییانە لەئەستۆی حکومەتە یان دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی کەرتی تایبەت کە پڕۆژەی نییە لەم بوارەدا؟.

د.گۆران: بۆ هەردووکیان دەگەڕێتەوە. لەلایەکەوە وەك وتم پزیشکەکانی ئێمە تووشی نامۆبوون بوون. خوێندکار وپزیشکانی ئێمە ئەوەندەی خەریکی لەبەرکردنی زانیاریی کتێبن ئەوەندە نازانن لەسەر ئەرزی واقعی کوردستان چ باسە. ئەمە دەکرێت لەڕێی بایەخدان بەتوێژینەوەی زانستی لەکوردستاندا چارەسەر بکرێت، بەشێوازێك کە هەر پزیشکێك و خوێندکارێکی پزیشکی بۆ ئەوەی بڕوانامەی پزیشکی وەربگرێت دەبێت بەلانی کەمەوە چەند توێژینەوەیەکی لەبواری تەندروستی لەکوردستان ئەنجامدابێت. لەلایەکی ترەوە پزیشکی بووە بەکەرەستەیەکی خێرای قازانجی ئابووری و پزیشکان ئەرکە مرۆییەکانیان زۆرجار لەبیر چووەتەوە. ئەگەر تەماشایەکی وردی پزیشکانی کوردستان بکەیت، دەبینیت ئەمانەی دوایی بریتین لەچەند دوورگەیەکی زانیاریی کە کەسیان لەگەڵ ئەویتریان دایەلۆگ و قسە ناکەن و هەماهەنگی لەنێوانیاندا نییە. بۆ نموونە نەخۆشێکی سلێمانی کە لەهەولێر چارەسەر دەکرێت، پزیشکەکەی هەولێر هیچ زانیارییەکی لەسەر نەخۆشەکە نابێت. ڕەنگە ئەم حاڵەتە بۆ پزیشکەکانی یەك شاریش ڕاست بێت. ئەمە زەرەرێکی زۆر گەورە لەنەخۆش دەدات لەڕووی نووسینی دەرمانی هەڵەو ئەنجامدانی نەشتەرگەریی ناپێویست. تەنیا چارەسەر بۆ ئەم قەیرانە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای وەك ئینترانێت و ئینتەرنێت و تۆڕی کۆمپیوتەرە. حکومەت بەهاوکاریی وهەماهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەت دەتوانێ ڕابەرایەتی هەوڵێکی گرنگی بەستنەوەی لانیکەمی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکانی کوردستان بدات لەڕێی دروستکردنی "تۆڕی زانیاریی تەکنۆلۆژیی تەندروستی" بۆ ئەوەی داتابەیسێکی گەورە دروست بکرێت بۆ نەخۆشەکانی کوردستان.

هاوکاریی کەرتی تایبەت بۆ حکومەت زۆر پێویستە بەتایبەتی بۆ دابینکردن و دامەزراندن و بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ. ئەمە یەکێکە لەو بوارانەی کە کەرتی گشتی پێویستە داوای یارمەتی لەکەرتی تایبەت بکات. زۆرجار تەکنۆلۆژیای نوێ گرانە و حکومەت دەبێت مەسرەفێکی گەورە بکات لەهێنان و بەکارهێنانی، بۆیە میکانیزمەکانی بازاڕی ئازاد پێویستە لەم میانەدا بەکاربهێنرێت بۆ کەمکردنەوەی مەسرەف لەڕێی هێنانەکایەی کێبڕکێ لەنێوان کۆمپانیا جیا جیاکاندا، بەڵام دیسان حکومەت لەمەشدا قازانجی خۆی خستووەتە پێش بەرژەوەندیی خەڵك و لێدوانەکانی ئەم دواییەی وەزیری پێشووی تەندروستی سەبارەت بەوەی گەندەڵی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بەهۆیانەوە نایەوێت ببێتەوە وەزیر شایەتحاڵی ئەو راستییەن. ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێین بواری تەندروستی لاوازترین کایەی کوردستانە لەڕووی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای سەردەم. بۆ نموونە وڵاتان تەکنۆلۆژیای وەك مۆبایل و ئینتەرنێت و ئیمیل بەکار دەهێنن بۆ چاودێریی و بەدواداچوونی نەخۆش و ئاگادارکردنەوەیان لەچۆنێتی و کاتی وەرگرتن دەرمان و زانیاریی گرنگی تر.

نیوەند: بۆ پێشخستن وخستنە سەرپێی سیستەمێکی تەندروستی گونجاو وکارا لەکوردستان چ ڕێگەو هەنگاوێك بەگرنگ و بایەخدار سەیر دەکەیت؟، بەبڕوای تۆ چۆن دەکرێت سیستمی تەندروستی لەکوردستان بگۆڕین بۆ سیستمێکی نوێ و ڕۆڵی حکومەت و ئابووری لەم ڕەهەندەوە چۆن لێکدەدەنەوە؟.

د.گۆران: بۆ گەیشتن بەچارەسەرێکی گونجاو دەبێت ئەم سێ خاڵەی خوارەوە ڕەچاو بکەین:

١-شێوازی دابینکردن و دابەشکردن و چاودێریکردنی خەرجی تەرخانکراو بۆ سیستمی تەندروستی: ئەم خاڵە پێویستە لەسەرووی ئەولەویاتەکانی ریفۆرمی تەندروستی بن. دیارە بێ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی هەمەلایەن لەتەواوی سیستمی دارایی و ئابووری کوردستان، ریفۆرم لەدارایی سیستمی تەندروستی کارێکی ئاسان نییە. نەهێشتنی گەندەڵی مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی ریفۆرمە لەسیستەمی تەندروستیدا. دەکرێت ئەم هەنگاوانەی خوارەوە قوناغی دەسپێکی هاتنەکایەی سیستمێکی کەم مەسرەف، بەڵام لەهەمان کاتدا تۆکمەو پڕ لەئەنجامی باش بن.

ا-جیاکردنەوەی کەرتی گشتی و تایبەت لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی. تێکەڵی ئەم دوو کەرتە کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی کوشندەی دروستکردووە نەك تەنیا لەسەر بودجەی هەرێم بەڵکو ئاستی کواڵیتی خزمەتگوزاریی تەندروستی. لەحاڵی حازردا پزیشکانی کوردستان، بەتایبەتی خاوەن بڕوانامە بەرزەکان، دەتوانن لەبازاڕدا کلینیکی تایبەتی خۆیان هەبێت و ئەو نەخۆشانەی دەیانبینن داخڵی خەستەخانەی کەرتی گشتی بکەن. ئیتر تەواوی تێچوونی ئەو نەخۆشانە دەکەوێتە سەر شانی بودجەی تەرخانکراو بۆ خەستەخانە گشتییەکان. سەرباری ئەم تێکەڵییە پڕ مەسرەفە، پزیشکان لەلایەن حکومەتەوە مووچەشیان دەدرێتێ. بۆ دەربازبوون لەم کێشەیە دەکرێت پزیشکان ڕووبەڕووی دوو ڕێگا بکرێنەوە، ئەوانەی کە دەیانەوێت لەکەرتی گشتیی کار بکەن پێویستە کلینکەکانیان لەهەمان نەخۆشخانەی کەرتی گشتی بێت و هەر لەوێش کار بکەن. ئەوانەی کە پێیان باشترە لەبازاڕدا کلینیکیان هەبێت پێویستە بەقەد تێچوونی داخڵکردنی نەخۆشەکانیان لەخەستەخانە گشتییەکاندا مووچەکەیان کەمبکرێتەوە.

ب-داهێنانی سیستمی بیمەی تەندروستی بۆ دابینکردنی مەسرەفی خزمەتگوزاریی تەندروستی لەلایەن کەرتی گشتییەوە. دیسان، بەبێ سیستمێکی دارایی شەفاف و ئاشکرا و بەدەر لەگەندەڵی و هەبوونی ئاماری تۆکمە، لەحاڵی حازردا دەکرێت هاتنەکایەی ئەم سیستمە تەنیا بیرۆکەی کارێکی دوارۆژ بێت. دەکرێت ئیش بۆ ئەوە بکەین کە کۆمپانیایەکی تایبەتی بیمەی تەندروستی ناقازانج دروست بکەین کە هاووڵاتیان بەشداریی تێدا بکەن بۆ مەسرەفکردن لەپێداویستییە تەندروستێکانیان. بەمەرجێك حکومەت بەشداریی بکات لەیارمەتیدانی ئەو کەسانەی کەمدەرامەتن و پیر و پەککەوتەن یان ئافرەتی دووگیان و منداڵی خوار پێنج ساڵن و هەروەها دەکرێت کەسوکاری ئەنفال و کیمیابارانیش حکومەت مەسرەفی بەشداریکردنیان لەو کۆمپانیایە بکات.

٢-ریفۆرم پێویستە وابەستەی چەند مەرامێکی دیاریکراوی دوور مەودا بێت کە قابیلی هەژماردن و دەستنیشان کردنن. گرنگە کەماوەیکی دیاریکراو دەستنیشان بکرێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو مەرامانەو چەند میکانیزمێکی تۆکمە لەئارادا بن بۆ چاودێریکردن وهەڵسەنگاندنی دەسکەوت یان زەرەرەکانی ریفۆرم. بۆ گەیشتن بەو ئەنجامە پێویستە پەرلەمانی تازەی کوردستان لیژنەیەکی کارا دابمەزرێنێت بۆ دەستنیشانکردنی چەند ئامانجێکی نزیك کە لەماوەیەکی دیاریکراودا بەدەستبهێنرێن.

## بێ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی هەمەلایەن لەسیستمی دارایی و ئابووری کوردستان ریفۆرم لەدارایی سیستمی تەندروستی کارێکی ئاسان نییە

٣-بۆ گەیشتن بەو چارەسەرە دەکرێت زۆربەی ئەو توێژانەی کە لەباشی و خراپی سیستمەکە سوودمەند یا زەرەرمەند دەبن باشدار بن لەگفتوگۆیەکی بێ سانسۆری کراوە. لیژنەی تەندروستی پەرلەمان دەتوانێ سوود لەمیدیاکان و ئینتەرنێت و رۆژنامەکان وەربگرێ بۆ وروژاندنی زۆرترین را لەسەر ریفۆرمی تەندروستیی و لەکۆتاییدا گۆنجاوترینیان بەرپابکات.

**د.گۆران عەبدوڵڵا سابیر**

پزیشك و ماستەر لەسیاسەتی تەندروستی. لە١٩٧٨ لەکفری لەدایکبووە. کۆلێژی پزیشکیی لەهەولێر تەواو کردووە. لە٢٠٠٧ لەڕێی زەمالەی فولبرایت ماستەری لەسیاسەتی تەندروستیی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەواوکردووە. لەماوەی خوێندنەکەیدا چەندین خەڵاتی پێ بەخشراوە وەك خەڵاتی "گانگرۆزا بۆ باشترین خزمەت بۆ تەندروستیی جیهانی" و خەڵاتی "ترەیەلبلەیزەر" لەزانکۆی ئیمۆری. پێش هاتنەوەی بۆ کوردستان، لەبەشی تەندروستی سەنتەری کارتەر، کە سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، جیمی کارتەر بەڕێوەی دەبات، کاریکردووە.